# ڕۆژنامە نووسی ئازاو ڕۆژنامە نووسی کاسە لێس

**کاروان اکرم – هەولێر**

**٢٠٠٥/٧/٣٠**

بێگومانین لەوەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا ڕۆژنامە و کاری ڕۆژنامەگەری ئازاد نیە ، وە سەرجەم ڕۆژنامە و میدیاکان قۆرخی حزبی دەسەلاّت وەیاخود لایەنێکن بەشێوەیەك لە شێوەکان ، وە جێی هەڵکێشانی داخ و ئەسەفە کە ئێستاو بەو حاڵەیشیەوە ئازادی ڕۆژنامەوانی لە بەغدادا زۆر حاڵی باشترە لە کوردستانێك بەناو ١٤ ساڵ ئازاد کراو ..

وە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەندێك ڕۆژنامە هەیە کە ناوی سەربەخۆ و ئازادی لێ نراوە ، بەلاّم ئەویش هەر بە پاڵپشتی حزبی دەسەلاّت توانیویەتی بەردەوامی بە خۆی بدات ، کە مەرج نیە وەك ڕۆژنامە حزبیەکان بە کەش و بالاّی حزب دا هەڵبدات ، بەڵکو وەك لە دیدارێکی سمکۆ محمدی نوسەردا لە یەکێك لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانی هەولێر دیداری لەگەڵ کرابوو ، وە سەرەتا دەستخۆشی لە ئازایەتی و بوێری ئەو بەرێزە دەکەم لەسەر ئەو قسانەی کە دەیکرد .. وە سەبارەت بەوەی کاری ڕۆژنامەوانی لە کوردستاندا ئازاد نیە ، کاك سمکۆ ئاماژەی کرد کە مەرج نیە ئەو ڕۆژنامەیەی ناوی خۆی ناوە ئازاد هاوشێوەی ڕۆژنامە حزبیەکان وەسفی حزبی دەسەلاّت بکات ، بەڵکو لە نێو ٢٠ لاپەرەیدا تەنها دوو دێڕ نوسین بەسە بۆ ئەوەی خزمەتێکی گەورە بەو حزبە بکات و حزبەکەیش ئەرکی ماددی ئەو ڕۆژنامەیە بخاتە سەر ئەستۆی خۆی .. بۆیە زۆرجار نەگوتنی ڕاستی‌یەك کە گرنگە بوترێت و شاردنەوەی وەیاخود گۆڕینی ئەو ڕاستیە و بلاّو کردنەوەی بە شێوەیەکی تر و بەچەندین شێوازی تر ئەمڕۆ ئەو ڕۆژنامە بەناو ئازادانە لەبەرامبەر نانیان وەیاخود مەصلەحەتی بەردەوام بونیان وان لە خزمەت حزبی دەسەلاّتدا ..

هەروەها بەهەمان شێوە نوسەرەکانیش لە پێناو نان و ژیانیاندا لایان داوە بەلای دەسەلاّت و حزبە پارە لە گیرفانەکاندا ، بۆیە ئەمڕۆ کەمێکی زۆر کەم نەبێت لە نوسەر و ڕۆژنامە نووس کە ئازان ، وە پێویستە پلەی ئازایەتیان پێببەخشرێت ، چونکە بە گشتی فەزایەکی ئازاد نیە کە ئەوان ئەسپی خۆیانی تیادا تاو بدەن ، بۆیە هەوڵ ئەدەن بە ئازایەتی خۆیان سوچێك لە لایەکی ڕۆژنامەیەك وەیاخود چەند دەقیقەیەك لە کاتی شاشەی میدیایەك بپچڕن بۆ گوتنی ڕاستیەکان.. بە پێچەوانەی ئەو قەڵەم بەدەستانەی کە قەڵەم بەکار دەهێنین بۆ پەیدا کردنی نان و سکی خۆیانی پێ تێر بکەن وە کاسەی چەوری بەردەم دەسەلاّت دەلێسنەوە بە شێوەیەك کە خۆیشیان باوەڕیان بەوە نیە کە ئەینوسن وە

یاخود ئەیلێن ، بەڵام بەو پیا هەڵدانە دەتوانن بەردەوام باخەڵیان گەرم بێت ، قەڵەم بەدەسێك ئەناسم کە رۆژێك لێم پرسی چۆن لە فلآنە رۆژنامەی حزبی دەسەلآتدا فلآنە شت ئەنوسیت کە پێچەوانەی بۆچون و بیر و فکرتە ، ئەویش لە وەڵامدا ئەیوت ، ئەوەندەی من لەوێ و بەو نوسینە دەستم ئەکەوێت ، لە موچەی فەرمانبەری مانگانەمدا دەستم نا کەوێت ، جا خۆ هەر قسەیشە و ئیتر بۆ نەینوسم !! بۆیە ئەمرۆ دەبینین کە زۆرێك لەو کەسانەی کە پێشتر هەلگری بیری چەپ و پێشرەوایەتیان کردووە لە کوردستاندا وەیاخود ئیسلامی بوون و لافی سەلەفی‌یەتی ئیسلامیان لێداوە لەم کوردستانەدا ، ئەمرۆ مۆڵیان لە دەزگاکانی راگەیاندنی دەسەلآتێکی بنەماڵەیی بەناو نەتەوەیی داوە و کاسەی چەوری دەلێسنەوە ..

بۆیە ئەمرۆ دەستخۆشی لە سەرجەم ئەو نوسەرە ئازا و دلێرانە ئەکەم کە بە ئازایەتی خۆیان و پشت بەستن تەنها بە خۆ ئەتوانن لە رێی قەڵەمەکانیانەوە خزمەت بەراستیەکان بکەن و پەردە لەسەر گەندەڵیەکان هەڵماڵن ، و لەبەرامبەر ناحەقیەکاندا بێدەنگ رانەوەستن .

وە لێرەوە بانگهێشتی سەرجەم نوسەرە ئازا و دلێرەکان دەکەم ئەوانەی کە نەبونەتە ئەڵقە لە گوێ و کاسە لێسی دەسەلآت و دەسکەلای دەستیان ، هەوڵ بدەین پێکەوە لە پێناو گەیشتن بە راستیەکان ، بۆ پێکهێنانی فەزایەکی ئازاد ، نەفرەت لە هەموو ئەو کاسە لێسانە بکەین و لەهەمان کاتدا ئازابین بۆ بلآو کردنەوەی راستیەکان و هەڵماڵینی پەردە لەسەر سەرجەم گەندەڵیەکان کە وا زیاتر لە ١٤ ساڵە بە چەندەها شێوەو شێواز کۆمەڵێك لە پیاوانی دەسەلآت خوێنی ئەم خەڵکە هەڵئەلوشن و هەموو خێرو خێراتی ئەو کوردستانە بەرەو گیرفانی خۆیان دەبەن .. وە گەندەڵیەکان ئاشکرا بکەین و راستیەکان وەك خۆی بخەینە بەرچاوی جەماوەر ، بۆ ئەوەی راستیەکان ئاوەژوو نەکرێت و چیتر وەك گورگ لە پێستی مەڕدا خۆیان نەشارنەوە .. کە ئەوەیش بە هەوڵ و هیممەتی هەموو لایەك ئەکرێت و هەریەکەمان لە رێی خۆیەوە هەوڵ بدەین بۆ زراندنی ناوی فایل دار و پەنا دەری بەعسی‌یەکان و خوێن خۆر و گیرفان بڕەکانی ئەم کوردستانە خێر لە خۆ نەدیوە ..